www.kurdistannet.org
1-3-2007 22:52 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## هەموومان بەیە کەوە بۆ پێکەوەنانی یەکیەتیەکی مۆدێرنان بە پشتیوانی مام جەلال ... بەرزان

هە ر لە زووەوە کۆمەلگایەکی زۆر، ئەوانەی کە پەیوەندیان بە یەکیەتیەوە هەیە چاوەڕێی ئەم هەنگاوەدەکەن، چاوەڕیی گۆڕانکاریەک دەکەن، چاوەڕیی ڕوناکیەک دەکەن کە ئەو هیوایە و ئەو ئومێدەی هەیانە بە دڵ پاکی و بە دەست پاکی و نیشتمان پەروەرانە و تێکۆشەرانە بێتە دی. لەوە دەچی بەرێز مام جەلال دەرگای ئەو ڕوناکی بکاتەوە لە ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی یەکیەتی بۆ هێنانە دی ئومێدەکانیان، ئەویش پێکەوەنانی یەکیەتیەکی مۆدێرنانەو یەک پارچە، لە ڕێگەی ئەو یەکیەتیە نیشتمان پەروەرانەو، دڵسۆزانەو، دووەر لە گەندەڵیانەو و دوور لە سلێمان چیەتی و هەولێرچیەتی وە دور لە بەرژەوەند خۆیان و وە گیرفان پرکردنیان، ئەمەش کاتێک ڕوەدات، ئەگەربێتوو بەرێز مام جەلال عەرشی ی. ن. ک بەجێ بهێڵێ بۆ ئە و کەسانەی کەنایانەوێ کوردوستان تێک بچێت و بە دڵەوە دەیانەوێ خزمەتی کوردو و کوردوستان یەکیەتی بکەن. هەواڵی دەست کێشانەوەی بەرێز مام جەلال لە پۆستی سەرۆکایەتی ئیراق ئەوەندە تەئسیری نیە لە سەر کۆمەڵگای کوردی، وەک لەوەی کە لە سکرتێری گشتی ی. ن. ک دەست بکێشێتەوە، ئەگەر بێتو ئەم هەنگاوەی بەرێز مام جەلال ساغ بێتەوە وە یەکیەتی بداتە دەست کۆمەڵە چاک سازەکان وە هەروەها پشتی ئە و کۆمەڵەیە بگرێت، ئەمە دەبێتە گەورەترین سەرکەوتن بۆ بەێز مام جەلال، وە ئەوکەسانەی کە بەرامبەرمام هەردەم دەنوکیان لەسەر یەک بووە، ئێستا بە پێچەوانەوە دەبێت، دەستیان لە ملی یەکتر دەبێت. بەڵام لێرەدا زۆر گرنگە کە ی. ن. ک دەدرێتە دەست کێ؟ خەلکی کوردوستان بەتایبەتی کۆمەڵەی ڕۆشنبیران کە هەر دەم گەورەترین پردی ژیانی سیاسیە لە هەموو جێگەیەک، تینوی سەرکردەیەکن کە زمان زان و (بەتاییەتی زمانی عەرەبی) و، ڕۆشنبیرو، دیبلۆماسیەت و، ناودارو لە ئاستی جیهاندا و، خاوەن بیرو ڕایەکی ناوەند بێت و، بیرو راکانی کراوە بێت ئەوکەسەش ئێستا لە یەکیەتیدا تەنها کاک بەرهەم سالحە، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ هەموو سەرکردەکانی یەکیەتی تر، بەڵام لەم بارانەردا دەبێت هەموو لایەک هەوڵبدات کەیەکێک بێتە پێشەوە کە ئەو سیفاتانەی سەرەوی تێدا بێت. لێرەدا ئەوە گرنگ نیە کە فلان پێشمەرگە بووە، وە فلان شەهیدی داوە وەهتد. چەند ناوێک هاتۆتە پێشەوە بۆ جێگەی سکرتێری گشتی ی. ن. ک، لەوانە ناوی کاک کۆسرەتە، دەبێت هەموو لایەک بزانێت کە بەرێز کاک کۆسرەت ناگونجێ بۆ کارێکی وا گەورە، کاک کۆسرە ت زۆر زۆر باشە بیکەنە وەزیری پاراستین یاخود وەزیری پێشمەرگە لەکوردوستان، وە ناوی کا ئازاد جوندیانی هاتۆتە ناوەوە، بەرێز کاک ئازاد ئە م کارەی کە ئێستاهەیەتی پر بە پێستی خۆیەتی. وە بەرێز مام جەلال دەبێت باش ئاگادار بێت بۆ ناوانی ئەوکەسە ی کە دێتە جێگەی خۆی. لەبەر ئەوەی کۆمەڵانی یەکیەتی هیلاک بوون وە دەیانەوێت تۆزێک پشتیان بدەنەوە، وە بەس بیر بکەنەوە لە گرفتەکانی ناویەکیەتی وە کێ سەربە چ مەسئولێکە، بەڵکو کارەکانیان تەرخان بکەن بۆ پێکەوەنانی یەکیەتیەکی مۆدیرنانە کە بە دڵی هەموو لایەک بێت. ئەوەش تەنها بەرێز مام جەلال دەتوانێت بە زوترین کات وە بەبێ موجامەلە و برادەرایەتی و هەندێ بەرژەوەندی، کەسێکی وا بخاتە جێگەی خۆی کە پاش مام جەلال هیچ گرفتێکی توندو تیژ نەیەتە ڕێگەی کۆمەڵگای کوردی. یەکیەتی ئەندامی ئینترناسیونالە، وە پێویستیشیان بە سەرکردەیەکی ئینترناسینالی هەیە، نەک یەکێک سمێل زل و عەشاییرو نەزانێت چینی ڕاست وە یان چینی چەپ مانای چیە و جیاوازیان چیە. بۆ ئەم مەبەستە بەرێز مام جەلال خۆی زۆر باش دە زا نێت کێ گونجاوی ئەم کارە گەورەیە. وە ئەگەر بێتو دیسانەوە کەسێکی وابگاتە سکرتێری گشتی ی. ن. ک کە دژی چاکسازیو، گۆڕانکاری بێت مانای ئەوەیە دیسانەوە وە زۆر بە بلاوی چەندین کۆمەل کۆمەڵ دروست دەبێت وە لەوانەیە ناوی یەکیەتی ببێتە پارتەکانی یەکیەتی، وە جارێکی تر هەموو تێکۆشانێکی کۆمەلە دلسۆزاکان دەبێت لە سفرەوە دەست پێبکات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.